**بزوتنەوەیەکی چەکداری کوردی ئێرانی**
**بەڵێن دەدات سەربازانی منداڵ وەرنەگرێت**




ژنێڤ ,25ی ئاپریلی 2015

دوای چوار ساڵ گفتوگۆ لەگەڵ بانگەوازی ژنێڤ (Geneva Call)، هێزەکانی پاراستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ی.رك) و هێزەکانی پاراستنی ژن (ه.پ.ژ) کە هەوەها ناسراوە بە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پ.ژ.ا.ک) *پەیماننامەیەکی* بانگەوازی ژنێڤی واژۆ کردووە بۆ پاراستنی منداڵان لە شەڕی چەکداری دا. ڕۆژی 25ی ئاپریلی 2015، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، شاندێکی بانگەوازی ژێنڤ لەگەڵ پایەبەرزترین نوێنەرانی ی.ر.ک و ه.پ.ژ چاوپێکەوتنی کرد بۆ بە فەرمی ناساندنی پەیماننامەکە.

ئەگەرچی لە 2011ـەوە ئاگربەسێکی دیفاکتۆ لەنێوان دوو لایەن دا هەیە، ئەم بزۆتنەوە هێشتا لە ڕووی سەربازییەوە چالاکە و دەتوانێت لەسەر چەند سەد شەڕڤانی خۆی حیساب بکات. ئەم بزۆتنەوە لە دەیەی 1990ـەوە بۆ بەدەسهێنانی مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ کوردان لە ئێران شەڕی کردووە و هەندێ لە شەڕڤانەکانی لە ئێستا دا هاوشانی هێزە چەکدارە کوردیەکانی تر لە چیای شنگال دژی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی شەڕ دەکەن.

ی.ر.ک و ه.پ.ژ دانیان بە ئەوە دا ناوە کە لە ڕابردوو دا شەڕڤانی کەمتەمەنیان هەبووە و ئێستا بە واژۆکردنی ئەم پەیماننامیە، **بە شێوەیەکی ئاشکرا و فەرمی ڕادەگەیەنێت کە ڕێگە نادات منداڵانی ژێر 18 ساڵ لە شەڕ و توندوتیژی دا بەشداری بکەن و دەیانپارێزێت لە کاریگەریەکانی شەڕی چەکداری.** ی.ر.ک و ه.پ.ژ بڕگەیەکی خستووەتە سەر ئەم *پەیماننامەیە* کە دەڵێت: گرووپێکی چالاکی ناسەربازی بۆ ی.ر.ک و ه.پ.ژ دروست دەکرێت و کەسانی 16 تا 18 ساڵ تەنها ڕێگەیان پێ دەدرێت بە شێوەیەکی خۆویست ببنە ئەندامی ئەو گرووپە.

ئاریان ئاری (ئەندامی ه.پ.ژ) وتی: «ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین کە **دڵنیا ببین منداڵانی 16 تا 18 ساڵ جیا دەکرێنەوە و لە ناوچەکانی شەڕ دوور دەبن**. ئێمە ئەم *پەیماننامە* واژۆ دەکەین چونکە پێمان وایە داهاتووی کۆمەڵگای ئێمە لەسەر بنەمای

ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ و پەروەردەی منداڵان دەبێت، بەتایبەت لەو ناوچانە کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و نۆرمە مرۆییەکان شتێکی باوە».

ئێلیزابێت دیکرێی وارنێر، سەرۆکی بانگەوازی ژنێڤ، وتی «ئێمە خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ ئەم پەیماننامەمان وەرگرتووە، لە ناوچەیەک دا کە بەتوندی تووشی شەڕی چەکداری و توندوتیژی بووە. **لە کاتی شەڕ دا منداڵان بەتایبەت لە مەترسی دان و زۆر گرنگە کە لە پاراستن، پەروەردە و ڕێزگرتن لە ژیانی ئەوان دڵنیا ببین.** ئەم پەیماننامە بێگومان کارێکی زەحمەتە، بەڵام تێکۆشانی هاوبەشی ئێمە دەتوانێت ئەوان بپارێزێت».

**بانگەواژی ژنێڤ و ی.ر.ک و ه.پ.ژ لەبارەی دانانی پلانێکی جێبەجێکردن گفتوگۆیان کرد و بانگەوازی ژنێڤ ڕاهێنانی پێویست لەگەڵ بەڵگەنامەی ڕاهێنان دەدات بە ئەم ڕێکخراوە بۆ ئەوەی لەنێوان شەڕڤانەکانی دا بڵاوی بکاتەوە و لە بەڵێن و ئەرکەکانی نێو ئەم *پەیماننامەیە* ئاگاداریان بکاتەوە.** ی.ر.ک و ه.پ.ژ هەروەها لە ساڵی 2010 پەیماننامەی قەدەغەکردنی مینی دژەمرۆڤ واژۆ کرد و 6مین ڕێکخراوی چەکدار و ناحکوومیی ئێرانە کە بەکارهێنانی منداڵان لە شەڕ و جەنگ دا قەدەغە دەکات.